# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی‌سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

# هەواڵەکانی 24 سەعاتی رابردوو سەبارەت بە ناردنەوەی پەنابەران

**بەریتانیا: رۆژنامەی گاردیان**

## ناردنەوەی پەنابەران بۆ عێراق بەلێدان سەفەرەکەیان تەواو بوو

ئەمرۆ 29–3 رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی هەواڵی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردی عێراقی بلاّو کردەوە، بە گەورەترین ئۆپراسیۆنی ناردنەوەی بەنابەرانی عێراقی لەبەریتانیاوە بۆ کوردستانی عێراق باسلێکردوە که لەکاتی گەیشتنیاندا لیدان و توندو تیژی بەرامبەریان بەکاربراوە ،هەروەها باس لە رەوشتی ناردنەوەی ئەو 60 پەنابەرە کوردە دەکات لە فرۆکەخانەی ستانستێدەوە بۆ فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر لە چوونیتی ناردنەوەیان که لەنیو ئەو پەنابەرانەدا خەڵکی موسلّو کەرکوك هەبوون و تەسریحی سکرتیری فیدراسیۆن بلاّو دەکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم هەواڵە تەماشای ماڵپەری رۆژنامەی گاردیان بکەن.

http://www.guardian.co.uk/uk/2008/mar/29/immigration.immigrationpolicy

**هەولێر**

## لە بەستنی کۆنگرەی رۆژنامەگەی نۆینەرایەتی فیدراسیۆن لەشاری هەولێر رێگا دەگیرێت.

بەدوای نووسینی راگەیاندنێك بۆ میدیاو ودەزگاکانی راگەیاندن لەلایەن ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنەوە سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەی بۆ (بەشدار عەلی) نۆینەری فیدراسیۆن لە کوردستان لەسەر ناردنەوەی 60 پەنابەری کورد بەزۆر بۆ فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر و هەڵویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بەشدار عەلی بە سکرتارێتی فیدراسیۆنی راگەیاند رێگا گیراوە لە بەراپاکردنی کۆنگرەی رۆژنامەگەری فیدراسیۆن ،دووکارمەندی دەزگای ئاسایش لەبەردەم هۆڵی چراخاندا وەستاون و رێگەیان نەداوە ئەم راستیانە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن روون بکرێتەوە سەبارەت بە" ناردنەوەی 60 پەنابەری کوردی عێراقی رۆژی پینج شەمە لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان و پاشان لیدانو سوکایەتی پێکردنی پەنابەران لە لایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە".

**بەریتانیا::پشتیوانی لایەنەکان**

## کۆمەڵێك رێکخراو و لایەن پشتیوانی لە کەمپینی فیدراسیۆن دەکەن دژ بە ناردنەوەی پەنابەران

دوای ناردنی هەواڵی ناردنەوەی پەنابەران لە لایەن فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق رێکخراوی (NoSweat ) و یەکێتی کرێکاری (PCS ) کە یەکێکە لەیەکیتی کرێکاریی گەورەکانی بەریتانیا و کەمپینی دژی ناردنەوەی مندالآن و کەمپینی دژی راسیزم و فاشیزم و.. نامە ئاراستەی وەزیری ناوخۆی بەریتانیا دەکەن و نارەزایەتی خۆیان دەردەبرن بە ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عێراقی لەو بارەیەوە وینەی نامەکانیان کە فاکسیان کردوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ(هۆم ئۆفیس) ئاراستەی فیدراسیۆن دەکەن .

**ککینزلی هاوس**

## ژمارەیەك لەو پەنابەرانەی كەلەمەترسی گەرانەوە لەدەستی كۆماندۆكانی حكومەتی بەریتانیا رزگاریان بوو بە فیدراسیۆنەوە پەیوەندی دەگرن.

پینج پەنابەری كوردی عێراقی لە ژمارەی 11 پەنابەر كە رۆژی پینج شەمە لەلایەن كۆماندۆكانی حكومەتی بەریتانیاوە دەرفینرێن لە گرتووخانەی دەستبەسەری كینزلی هاوسەوە بە فیدراسیۆنەوە پەیوەندی دەگرن ،و رایان گەیاند كە رۆژی پینج شەمە دوای ئەوەی بە دوو باسی سپی بەرەو فرۆكەخانەی ستانستێد بەرێ دەكرێن بە مەبەستی ناردنەوە 11 پەنابەری كورد جگە لەو 60 پەنابەرەی بەزۆر رەوانەی كوردستان كرانەوە جێگایان نابێتەوە بەو هۆیەوە جانتاو پێداویستیەكانیان دەنێریتەوە كوردستان بەلاّم خۆیان دەگێرنەوە ئێستا 5 یان لە گرتووخانەی كنزلی هاوسن و 6 پەنابەرەكەی تر بەرەو گرتووخانەی دۆڤەر بەرێكراون بۆمەبەستی زانیاری بۆ كەسوكارو هاورێكانیان ناوی ئەو پەنابەرانە لای فییدراسیۆن هەیە دەتوانن پەیوەندی بە فیدراسیۆنەوە بكەن بەو ژمارانەی لە خوارەوە هاتووە.

برۆكسل::ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا

## جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا نامەی نارەزایەتی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دەكات

لە نامەیەكدا كە بە رێز جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاو لە حزبی سەوزی بەریتانیا ئاراستەی دەشتی جەمال سكرتێری فیدراسیۆنی كردوە رای گەیاندوە نامەی نارەزایەتی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا كردوە سەبارەت بەنارەنەوەی پەنابەرانی كوردی عێراق و داوای لابردنی زەختو زۆری كردەوە لەسەر پەنابەرانی عێراقی.




ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا

## جان مكدۆناڵد بەڵێنی دا كۆبوونەوە لە پەرلەمانی بەریتانیا بۆ پشتیوانی لە پەنابەرانی كورد وعێراقی بەرپا بكات

بەرێز جان مكدۆناڵد ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و ئەندامی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق بە فیدراسیۆنی راگەیاند كۆبوونەوە بۆ فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت ساز دەكات بە دەعوەتی سكرتێری فیدراسیۆن بۆ لێدوان لەسەر رەوشتی پەنابەرانی عێراقی لە بەریتانیاو نەخشەكاری رووبەرووبوونەوەی بە سیاسەتی دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران



رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان

## جاكۆلین بەرپرسی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەنابەران بە سكرتێری فیدراسیۆنی ووت خەڵكی كەركوك و موسڵ و ناوەراستو خوارووی عێراق دیپۆرت ناكرێتەوە

لە دوو پەیوەندی تەلەفوونی بەرێز جاكۆلین بەرپرسی باڵای رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ كاروباری پەنابەران بە دەشتی جەمال ی راگەیاند ئەوان نیگەرانن لە مامەڵەی حكومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەران و دوای داواكردنی زانیاری لەسەر پەنابەرە گیراوەكان بە سكرتێری فیدراسیۆنی راگەیاند" وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بەڵێنی داوە هیچ پەنابەرێك كە دانیشتووی كەركوك وە موسڵ و ناوەراستو خواری عێراق بەزۆر نانێرینەوە لە ئێستادا".

دەزگاكانی راگەیاندن لەكوردستان

## دەزگاكانی راگەیاندن لەسەر هەواڵی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بە سكرتێری فیدراسیۆن چاوپێكەوتن دەكەن.

دەزگاكانی راگەیاندن لەكوردستان بەسكرتێری فیدراسیۆن چاو پێكەوتن دەكەن لەوانە رادیوی نەوا،رۆژنامەی رۆژنامە ، وە هەروەها تەواوی ماڵپەرە كوردیەكان بە سپاس گوزارەوە هەواڵەكانی پەنابەران بلاْودەكەنەوە لەوانە سایتی(هاولاْتی،هاوپشتی،ئەمرۆ،دەنگەكان ،كوردستان نیوز، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان..)رۆژنامەكانی هاولاْتی و كوردستانی نۆی،ئاشتی..

http://www.radionawa.com/ContentDetail.aspx?SubjectID=321&LinkID=89

لەندەن:

## سكرتێری فیدراسیۆن 3 نامەی بە پەلە ئاراستەی دەزگاكانی راگەیاندن دەكات لە بەریتانیا

بەدوای گرتن و راونانی پەنابەران و راپێچكردنیان بۆ گرتووخانە دەستبەسەرەكانی بەریتانیا و دواتریش دیپۆرتكردنەوەی 60 پەنابەری كوردی عێراقی سكرتێری فیدراسیۆن سێ نامە ئاراستەی تەواوی دەزگاكانی راگەیاندنو رێكخراوە پەنابەری و ئینسانیەكان دەكات بەمەبەستی پشتیوانی لەو كارەساتە دژی ئینسانیە كە زۆربەی سایتی رێكخراوە پەنابەری و ئینسانیەكان ئەم هەواڵە بلاْودەكەنەوە و رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی و ئۆبزێرڤەرو رادیوەكان بە سكرتێری فیدراسیۆنەوە پەیوەندی دەگرن.

گرتووخانە دەستبەرەكان

## فیدراسیۆن پەیوەندی بەرێكخراوەكانەوە دەكات بۆ هاوكاری پەنابەرە گیراوەكان

لە ماوەی رابردوودا فیدراسیۆن بە ژمارەیەك رێكخراوی غەیرەدەوڵەتی و پارێزەرەوە پەیوەندی دەگرێت بەمەبەستی هاوكاری كردنی ئەو پەنابەرانەی ماونەتەوە لە گرتووخانە دەستبەسەرەكاندا بەمەبەستی ئازاد كردنیان.

كوردستان:هەولێر

## بەشدار عەلی بە وەزیری مافی مرۆڤ لە كوردستان كۆدەبێتەوە

بەیانی پێنج شەمە( بەشدار عەلی و سەربەست) لە شاری هەولێر چاویان دەكەوێت بە بەرێز (دكتور شوان) وەزیری ماڤی مرۆڤ لە هەواڵی گرتنی پەنابەران ئاگاداری دەكەنەوە كە وابریارە ئەو پەنابەرانەی گیراون لە بەریتانیا رەوانەی كوردستان بكرێنەوە .

لەوەلاْمدا وەزیری ماڤی مرۆڤ بەڵێن دەدات بە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پەیوەندی بگرێت لەو هەواڵە ئاگاداری بكاتەوە تا 2 سەعاتی تر فیدراسیۆن لە ئاكامەكەی ئاگادار بكاتەوە پاشا دوو سەعاتی تر بە نوێنەری فیدراسیۆن رادەگەیەنێت كە نامەیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ وە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردوە .

كوردستان:

## سەرۆكی لیجنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان بریاری دەدات نامە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكات

بەدوای دیداری سكرتێری فیدراسیۆن لە هەولێر لەگەڵ بەرێز عەدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمان كە رایان گەیاند" ئەوان ناتوانن هاولاْتی خۆیان وەرنەگرنەوە وەختێك دەنێرێتەوە كوردستان" .

بەرێز محمد فەرەج ئەحمەد لە پەیوەندیەكی تەلەفوونی بە سكرتێری فیدراسیۆنی راگەیاند سەرباری نیگەرانی ئەوان لە هەڵویستی سەرۆكی پەرلەمان ئەوان هەوڵ ئەدەن بەناوی لیجنەكەوە نامە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن.

سکرتیری فیدراسیۆن:

## سکرتێری فیدراسیۆن نامەیەك كە ئاراستەی وەزیری مافی مرۆڤ و لیجنەی مافی مرۆڤ دەکات بلاّو دەکاتەوە

سکرتێری فیدراسیۆن کیتابێکی رەسمی کەلەسەر داوای لیجنەی ماف مرۆڤ و وەزارەتی ماف مرۆڤ لەکوردستان داوای دەکەن لە 28–2 دا دوای ئەوەی کیتابەکە ئاراستەی یان دەکرێت کە ناوەرۆکی لەسەر رەوشتی پەنابەران و هەلّویستی و بەهانەی وولاتە ئەورپیەکان وهەلّویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کارو چالاکیەکانی فیدراسیۆن لەو راستایەدا باس دەکات بلاّودەکاتەوە  داوا دەکات :

### یەکەم لەئاستی ناوخوی کوردستاندا:

لەگەلّ حکومەتی هەرێم لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆبنەوە داوای موقفی رەسمیان لیّ بکەن بۆ جیّ بەجێکردنی ئەم خواستە کە خواستی ئێمەو پەنابەرانە و ئێمەش ئامادەین بینە پەرلەمان لەکۆبوونەوەیەکی رەسمی تەواوی ئەم راستیانە بخەینە روو :

1. ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.
2. هەر اتفاقییەیەك ئەگەر کراوە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد هەلّوشینەوە رەسمەن رای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر نەخرێتە خزمەتی ئەو وولاّتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.

### دووەم لەئاست ولاّتانی ئەوروپادا:

1– ئەم رەوشەی پەنابەران لەولاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران ئیدانەو سەرکۆنە بکەن و بەرەسمی بەحالّەتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی لەقەلّەم بدەن.

2– داوای دانی بیقەیدوشەرتی مافی پەنابەری بە پەنابەران بکەن.

3– زەخت بۆ وولاّتە ئەوروپایەکان لە رێگای (UN) بهێنرێت ئەم زەخت  وزۆرە لەسەر پەنابەرانی کورد لە لایەن وولاّتە ئەورپایەکانەوە هەلّگیریّ.

ئاسۆ تی ڤی:تەلەفیزیوونی دەنگی پەنابەران

## بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەوالّەکان و چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە وولاّتەکان تەماشای کەنالّی ئاسمانی ئاسۆ تی ڤی بکەن تەلەفیزیوونی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی




**Satellite, Hotbird 8**
**Orbital Position: 13 degrees East,Transponder: 14 Downlink Frequency: 11 470,Downlink Polarity: Vertical**
**FEC: 5/6 ,Symbol Rate: 27,500**

---


IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur:  Jasm_rg@yahoo.co.uk     Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com  Mobile: 07877489626 **or** 07929010257   Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.federation.org

www.csdiraq.com